
وەزارەتی دارایی عێراق دەنگی کەمکردنەوەی مووچەی سوپا و پۆلیس ڕەتدەکاتەوە



وەزارەتی دارایی عێراق ئەو دەنگیانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لە کەمکردنەوەی موچەی فەرمانبەرانی سوپا و پۆلیس یاخود ڕاگرتنی خەرجکردنی موچە لە مانگی داهاتوودا دەکەن.

وەزارەتی دارایی عێراق، ئەمشەو دوشەممە، لە ڕونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاند، وەزارەتەکەیان ئەو دەنگیانە بەتەواوەتی ڕەتدەکاتەوە کە لە هەندێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراونەتەوەو باس لەوە دەکەن، نیەتێك هەیە بۆ کەمکردنەوەی موچەی کارمەندانی سوپاو پۆلیس یاخود ڕاگرتنی خەرجکردنی موچە لە مانگی داهاتوودا.

وەزارەتی دارایی عێراق جەختیشی کردەتەوە کە تێیف سامی، وەزیری دارایی هیچ لێدوانێکی لەبارەی ئەو بابەتەوە نەداوەو ئەوەی بڵاوکراوەتەوە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە و ئامانج لێی چەواشەکردنی ڕایگشتی و دروستکردنی پشێویە.

هەروەها دوپاتیشیکردەتەوە کە موچە لەسەر بنەمای یاسا و خشتەی زەمەنی پشتپێبەستراو خەرج دەکرێت و

سیولەش بەشێوەیەك بەردەوامبوونت كە گرنگی بەردەوامی بەجێهێنانی پابەندییەكان بەرامبەر بە فەرمانبەران و كارمەندانی هەڵە ئەمنییەكان بكات.